The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

# سەردانی نوێنەرانی چاک بۆ لای مانگرتوانی شاری زویریخ لە سویسرا

لە چوارچێوەی بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ، ڕۆژی 20ی ئەم مانگە وەفدێکی چاک لە سویسرا کە پێکهاتبوو لە (هیوا ناسیح و سەلاح موحەمەد) سەردانی پەناخوازانی مانگرتوو لە جەرگەی شاری زویریخ کرد، کە پێکهاتونە لە دەیان کەس لە پەناخوازانی باشوری کوردستان و ئێرانی. شایانی باسە ئەندامانی وەفدەکەمان چەپکێ گوڵیان بە نیشانەی خۆشەویستی و بە هیوای مافی پەنابەرێتی بە مانگرتوان بەخشی و پاشان دانیشتنیان لەگەڵ کاک ئەحمەد عەلی لێپرسراوی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لە سویسرا کرد و باسی بارودۆخەکەیان کرد. هیواناسیح وتەیەکی بەناوی وەفدی سویسرای (چاک)ەوە خوێندەوە، کە سەرەڕای دەستخۆشی و پشتگیری لە کارە شارستانییەکەیان، ئاماژەی بە گرنگێتی خەبات و چالاکی بەردەوام و نەپساوەی پەناخوازان دا، کە تەنها ڕێگەیەکی یاسایی و گونجاوە بۆ ملکەچکرنی حکومەتی سویسری و هێنانە پای پێدانی مافی نیشتەجێبوون و پەنابەری، کە مافێکی ڕەوای هەر مرۆڤێکە.

چاک ـ سویسرا
21.12.2007

www.chak.be
chak_org@yahoo.com